www.kurdistannet.org

20-10-2007 1:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بانگەوازێک لە ناوەندی چاک / سوێد**

بۆ سەرجەم پارت و ڕێکخراو و دام دەزگا کوردییەکانی سوێد

هەروەک هەموولایەک ئاگادارن، دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا بە بڕیارە بۆ هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان و بە دەیان هەزار سەربازیان لەسەر سنوور مۆڵ داوە. هێرشی ئەمجارەی تورکیا بۆ سەر هەموو نەتەوەی کوردە نەک پارتێک و پارچەیەکی کوردستان. ئێمە لە ناوەندی چاک وەک هەمیشە دەمانەوێت لەگەڵ ئازاری نەتەوەکەماندا بین و داکۆکی لە مافە ڕەواکانمان بکەین، بۆ ئەو مەبەستە دەست دەکەین بە هەڵمەتێکی پرۆتستۆکردنی نامە ناردن بۆ ناوەندە سیاسی و میدیاکانی وڵاتی سوێد، لە نزیکترین کاتدا خۆپیشاندانێکی گەورەی سەرتاسەری لە پایتەختی سوێد ستۆکهۆڵم ڕێکدەخەین، بۆیە داوا لە هەموو لایەن و پارت و تاکێکی کورد دەکەین، وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆڤانە، هیواخوازین بە هاوبەشی ئەنجامی بدەین. با بۆ جارێکیش بێت هەموو بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەک بخەینە لاوە و بە یەک دەنگی بەشداری لەم خۆپیشاندانەدا بکەین.

لە داهاتوویەکی نزیکدا، کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە ڕادەگەینین.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلفون و ئیمەیلەوە بکەن:

ژمارەی تەلفون:

0737616771

0735366757

ئیمەیل: chak_swid@yahoo. se

ناوەندی چاک / سوێد

٢٠٠٧/١٠/١٧

www. chak. be

chak_org@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.